مەسرور بارزانی: حکومەتی هەرێم ڕێگە بەهیچ لایەنێک نادات خاکی هەرێم دژ بە ئێران بەکاربێنێت

مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی (ماوە بە درێژکراو)ی هەرێمی کوردستان دەڵێت: پێشوازیم لە بڕیاری عەلی باقری، سەرپەرشتیاری وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران کرد، پەرەپێدانی پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێرانمان تاووتوێ کرد و هاوڕا بووین لەسەر بڕودان بە پێوەندیی دوولایەنە لەسەر بنەمای ڕێز و بەرژوەندیی هاوبەش.

لە کاتێکدا سەرۆکی حکومەتی هەرێم بە زمانی ئینگلیزی لە تێلی کەمەڵایەتی ئێکس نوسیویەتی، "حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێگە بەهیچ لایەنێک نادات کە خاکی هەرێمی کوردستان وەک هێرشە و دژ بە ئێران (ئێران) بەکاربهێنێت".

بەیانی ئەمڕۆ هەینی، عەلی باقری وەزیری دەرەوەی ئێران بەوەکالەت گەیشتە هەولێر و بەیارە دواتر دەگاتە سلێمانی و لەگەڵ بافڵ تاڵەبانی، سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کەدەبێتەوە.

بەیانی دوێنێ چوارشەممە (13ـی حوزەیرانی 2024)، عەلی باقری وەزیری دەرەوەی ئێران بەوەکالەت بەسەردانێکی فەرمی گەیشتە بەغداو لەگەڵ بەرپرسانی باڵای عێراق پرسی پێوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات تاوتوێ کرد و یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکان باسی ڕێککەوتنی ئەمنی نێوان عێراق و ئێران بوو سەبارەت بە چەک داماڵین و ڕێگریکردن لە چاڵاکییەکانی حزبەکانی ڕژهەڵاتی کوردستان.